C.V

## پ.ی.د.هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین محەمەد
## پارێزگاری سلێمانی

- یەکی کانوونی دووەمی ١٩٧١ لە شاری هەڵەبجە/ پارێزگای سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق لەدایک بووە.
- خێزاندارەو هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقییە.
- ناونیشانی ئیمەیڵ (havalabubakir@yahoo.co.uk)
- ژمارەی مۆبایل (ڤایبەر، واتس ئەپ، تێلیگرام): ٠٠٩٦٤٧٧٠١٤٦٢٧٤٧
- ساڵی ٢٠١٤ پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەری لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە.
- ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبو ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخدا لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە. ناونیشانی تێزەکەی (پێگەی ڕۆمانتیکییەت لە شیعری کوردیدا) بووە.
- ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبو ڕۆژنامەگەرییدا لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە. ناونیشانی ماستەرنامەکەی (چەشنە ئەدەبیی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژیان و ژین"دا ١٩٣٢-١٩٥٠) بووە.
- لەساڵی ١٩٩٨-٢٠٠٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی سلێمانی لە زمانو ئەدەبی کوردیدا وەرگرتووە، ناونیشانی توێژینەوەکەی (ڕۆژنامەوانیی لە سەردەمی جیهانگەرییدا) بووە.
- ساڵی ١٩٨٨-١٩٩٠ بڕوانامەی دبلۆمی تەکنیکی/ پەیمانگای تەکنیکی موسڵ لە بواری ئەندازەی (Metal Processing)دا بەدەستهێناوە.
- کاری ئێستای، پارێزگاری سلێمانیە لە هەرێمی کوردستان.
- لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا لە ٢٠١٤/٤/٣٠دا، سەرۆکی لیستی گۆڕان بووەو کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان بووە بۆ پارێزگاری سلێمانی، بەپێی ئامارە نارەسمییە بڕواپێکراوەکان (٤١٦٠٠٠) چوارسەدو شانزە هەزار دەنگی لە بازنەی پارێزگای سلێمانی بەدەستهێناوە بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق بەپێی ژمارەی دانیشتوان، بەپێی ئاماری ڕەسمی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقیش (٢٤١٢٤١) دووسەدو چلویەک هەزارو دووسەدو چلویەک دەنگی بەدەستهێناوە.
- لە ڕۆژی ٢٠١٤/٦/٢٤وە بووە بە سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو لە ٢٠١٤/١٢/١١دا بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەڵبژێردراوە.
- لە ٢٠١٦/٨/٢٥دا لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە هەڵبژێردراوە بۆ پارێزگاری سلێمانی و لە ٢٠١٧/١٢/٤وە بەڕەسمی بووەتە پارێزگاری سلێمانی و بەردەوامە.

- لەساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٦ ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بووە.
- مامۆستا بووە لە زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی زمان/ بەشی كوردی، وانەبێژ بووە لەهەمان زانكۆ (كۆلێژی یاساو ڕامیاری/ بەشی ڕامیاری)، وانەبێژ بووە لە زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی.
- لەساڵی ٢٠٠٩ لە دەستەی دامەزرێنەرو نوێنەری خاوەندارانی زانكۆی كۆمار بۆ زانستو تەكنەلۆژیا بووە.
- سەرپەرشتی جێبەجێكاری گۆڤاری زانكۆی سلێمانی بووە لەساڵی ٢٠٠٣ بۆ ساڵی ٢٠١٥ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان.
- لەساڵی ٢٠٠٤دا ئەندامی لیژنەی ڕاگەیاندنی باڵای سەرژمێریی دانیشتوان بووە لە هەرێمی كوردستان.
- لەساڵی ١٩٩٩وە تائێستا، سەرنووسەری گۆڤاری (ڕایەن) بووە بۆ وەرگێڕان و توێژینەوە میدیاییەكان.
- لەساڵی ١٩٩١دا لە دامەزرێنەرەكانی كۆمەڵەی خوێندكارانو لاوانی كوردستان بووە.
- لەساڵی ١٩٩٢-١٩٩٨دا لە دەستەی یەكەمی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ) بووە، كە یەكەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕین بووە.
- لەساڵی ١٩٩٨-٢٠٠١ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (هەرێمی كوردستان) بووە.
- لەساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٥ سەرنووسەری گۆڤاری (بازرگانی) ژووری بازرگانی سلێمانی بووە.
- وانەبێژو سەرپەرشتیاری چەندین خول و سیمینارو ۆرك شۆپو دامەزراوە میدیاییو مەدەنییەكان بووە.
- لەساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٥ ئەندامی ڕێكخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بووە لە هەرێمی كوردستان.
- لەساڵی ٢٠٠٣وە تائێستا ئەندامی یەكێتی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە.
- ئەندامی كارای سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانە، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تائێستا.
- ئەندامی یەكێتیی خاوەنكارانی عێراقە.
- ئەندامی پەیمانی ئەوروپی بۆ كەشو وزەی جێگرەوەیەو لەساڵی ٢٠١٨وە پارێزگای سلێمانی كردۆتە ئەندام لەم پەیمانەدا.
- بەشداریی چەندین كۆنگرەی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی تایبەت بە شارو شارەوانیەكان و گەشەپێدان و وزەی جێگرەوەو ئاڵوگۆڕی هونەریو كەلتوریو كشتوكاڵیو پیشەسازیو بازرگانیو زانكۆكانو ناوەندەكانی توێژینەوەی كردووە لە وڵاتانی (توركیا، ئێران، ئوردن، كوەیت، قەتەر، میسر، سعودیە، بەریتانیا، سوید، هۆڵەندا، فەرەنسا، بەلجیكا، ئەڵمانیا، نەمسا).
- پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ هەموو باڵیۆزخانەو كونسوڵخانەكانی وڵاتان لە عێراقو هەرێمی كوردستانو دەرەوەیانو لەگەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتیەكانو نەتەوە یەكگرتووەكاندا هەیە.

- چەندین کتێبو توێژینەوەی زانستیو ئەکادیمیو ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە:
  - کتێبی (سیستمی ئەلکترۆنی) ١٩٨٧، دوو بەرگ، بە زمانی عەرەبی.
  - کتێبی (کۆمپیوتەر) ١٩٨٧، بە زمانی عەرەبی.
  - (رئیسهم) کۆمەڵە دەقێکی شیعریی، ١٩٩١، بە زمانی عەرەبی.
  - (باوەڕمان وەک چیا وایە)، کۆمەڵە شیعر، ١٩٩١.
  - (چەند هەنگاوێک بەرەو راگەیاندن، رۆژنامەنووسیی، پڕوپاگەندەو رای گشتی) کتێبو توێژینەوەی رۆژنامەوانی، ١٩٩٥، ١٩٩٧، ٢٠٠٠.
  - (ژوانی سەرەڕێ)، کۆمەڵە شیعر، ١٩٩٨.
  - (دووربین)، ١٢١ گۆشەی رۆژنامەنووسیی، ٢٠٠١.
  - (راگەیاندن و راگەیاندنی کوردی)، لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانیی، ٢٠٠٢.
  - (رۆژنامەگەریی لە سەردەمی جیهانگەریدا)، لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانیی، ٢٠٠٢.
  - (چەشنە ئەدەبیو رۆژنامەنووسییەکانو رەنگدانەوەیان لە "ژیان و ژین"دا، ٢٠٠٧.
  - (پێگەی رۆمانتیکییەت لە شیعری کوردیدا)، ٢٠١٠.
  - (هاوڕێی رۆژنامەنووسان)، وەرگێڕدراوە لە ئەمریکییەوە، پێداچوونەوە، ٢٠٠٣.
  - (زانستی رۆژنامەگەریی)، وەرگێڕدراوە لە ئەڵمانییەوە، پێداچوونەوە، ٢٠٠٥.
  - (راپۆرتی راڤەکاریی)، وەرگێڕدراوە لە ئینگلیزییەوە، پێداچوونەوە، ٢٠٠٥.
  - (هەواڵنووسین)، وەرگێڕدراوە لە فارسییەوە، پێداچوونەوە، ٢٠٠٧.
  - (رۆژنامەوانیی بەدواداچوون (بنکۆڵکاریی))،وەرگێڕدراوە لەعەرەبییەوە، پێداچوونەوە، ٢٠١١.
  - (تیرۆرو میدیا)، ٢٠٠٥.
  - (دیموکراسیەت و میدیا)، ٢٠٠٧.
  - (سلێمانی و بزوتنەوەی رۆژنامەگەریی)، ٢٠٠٨.
  - (مێدیاو قەیرانەکان)، ٢٠١١.
  - (زمانی راگەیاندن)، ٢٠١٢.
  - (گرفتەکانی مێدیا لە هەرێمەکاندا (هەرێمی کوردستان) وەک نموونە)، زانکۆی برادفۆرد، ٢٠١٢.
  - (غەزەل لە ئەدەبی نوێی کوردیدا)، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٢.
  - (ئەدەب و ژیانی مەدەنییەت)، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.
  - (ئەدەب وەک دۆکۆمێنتی مێژوویی)، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.
  - (جوانی بێ ناو لە ڕوانگەی رۆمانتیکییەوە (مەولەوی، گۆران، ۆردزۆرس و بایرۆن) وەک نموونە)، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.